# پەمەیی و ڕەنگە گریاوەکان

**بە (پەمەیی) چاوتەڕ لە سوێد، بە (سەروەت) و نیگارکێشە گڕۆزەکانی سلێمانی پێشکەشە.**

**بەختیار کەریم**

**پشووبە ڕەنگ هەڵیکرد**
**وورپابە پیری هەڵیکرد (دلاوەر قەرەداغی)**

**هێشتا ئێوارەیە**
**هێشتا زووە بۆ سەفەر مامۆستا**
**هێشتا ڕەنگە دەستەمۆکانی ئەم نیشتیمانە کەساسە**
**فێری یاخیبوون نەبوون لە ئامێزی فڵچەی بەهرەتا**
**هێشتا زووە مامۆستا**
**لانەوازەکانی ئەم (شەعب)ە دەخوازن**
**سکێچی هێڵە نیگەرانەکانی ڕوخساریان بەدەم خواردنی چایەکەوە بکێشیت**
**منالانی ژێر ئەم (پرد)ەی بە (هیچ) کوێمان ناگەیەنێت**
**حەزدەکەن خەمەکانیان لە تابلۆیەکدا بنەخشێنیت**
**کچەکانی ئەم (گوند)ەی هەرگیز نابێت بە شار**
**پێیان خۆشە بەرلەوەی قاچەکانیان بە مینێک بدۆڕێنن**
**تابلۆیەکی ئاوییان بۆ بکەیتە پەناگە**
**باخچە دەخوازێت برینی چڵە ڕێحانەیەکی شکاوی**
**بە (مۆر) ببەستیت و**
**(سەوز)ی بگێڕیتەوە بۆ سنەوبەرێکی ڕەنگپەڕیوو**

**داخمە ناچێ مەرگ بەر لە پیری هەڵیکرد و**
**ڕەنگ بەر لە ژیان**
**ئیتر لێرە هاوکێشەکان ئاوەژووبوون**
**ئیتر لێرە دەرفەت نەبوو بێین و لە ئێوارەی نیگارێکتا**
**پێناسەی ڕەنگێکمان بۆ بکەیت لەم نیشتیمانە هەتیوتر**

ڕەنگێک ناسکتر، ئەرخەوانیتر لە بلوری ژیانی نیگارکێشێکی تەنها
لە حوزنی پۆرتریتێکتا پیاسەیەکمان لەگەڵ بکەیت لە سەرچنار حەزینتر
داخمە ناچێ ئێستاشی لەگەڵدا بێت سەرمان لە عەشقی تۆ و (ڕەش) دەرناچێت
تەلیسمی شوناسی (سەوز)ی تۆمان بۆ ناکرێتەوە
تۆ مەرگ لە چاوی شاخدا بەر لە هەموومان دەبینیت و
نیگاری مناڵان بەر لە هەلاهەلابوونیان دەکێشیت
پیرەژنێک بەر لەوەی ڕۆحی برژێتە هەناوی مینێکەوە
لە ئامێزی فڵچەکەتدا دواخەونی ناکامی دەبینێت
تۆ بەر لە هەمووومان لە خۆت دەبووریت و
بە ڕەنگ کە لەگەڵ مەرگا دەجەنگێیت
ئێمەش چونکێ زمانی ڕەنگ نازانین
هەرگیز لەگەڵ ڕەنگێکت نەدواین و
گوێبیستی سەربووردەی تابلۆیەکت نەبووین
داخمە ناچێ مامۆستا
دەرفەت نەبوو تەلیسمی جەنگی نێوان (سەوز) و (زەرد)مان بۆ بکەیتەوە
مەرگ هەڵیکرد و
گرمەی مینی ڕەنگاوڕەنگی ناو تابلۆکانت بە گوێی کەس نەگەیشتن
مەرگ هەڵیکرد و
ورتە ورتی نیگارەکانت مووی لەشی سەرۆکەکانی نەبزواند
ئەزانم ئێستا دەڵێیت مەرگ هیچی لەگەڵدا ناوترێت
وەلێ ژیان زۆری لەگەڵ دەوترا و هیچمان پێنەووتیت
داخمە ناچێ تۆ دەڕۆیت و کەس نیە دەستبداتە باڵی ڕەنگە پێکراوەکان
کەس نیە ناوبژی شەڕی سووری ڕەنگەکان بکات

مامۆستا
(پەمەیی) وەک بارانێکی گریاو دەڕژێیتە ژوورە تەنهاکەمەوە
گمەی نیشتیمانە گڕۆزەکەمان لە گەروویدایە و دەڵێت:
مامۆستا کۆچیکرد
لە سەر شاباڵی نەورەسێکی وەنەوشەیی
(تەنیا) ڕەنگێک هاوسەفەری بوو
ڕەنگێک کە دەکەوێتە باکوری ڕەش،
خورهەڵاتی سەوز و نێوان هەر جوتە ڕەنگێکی عاشق
ڕەنگێک نیگەران بە دوودڵی مین لە نێوان (مەرگ) و (نیوەمەرگ)دا
ڕاڕایی مین لە نێوان سووری (کاڵ) و وەنەوشەیی (تۆخ)دا

کۆچیکرد لەگەڵ ئەو پەپولانەی وەڕسبوون
لە ژاکانی بێوادەی گووڵە شەرابیرەنگەکان
کۆچیکرد لەگەڵ ئەو ئەڤیندارانەی مۆڵەتی ژوانێکیان لە باخی گشتی پێنەدرا
کوچیکرد و هەر لە خەمی تابلۆی بەر بارانی ئەو نیگارکێشانەدا بوو
کە گێژەڵووکەی جەنگ ڕەنگەکانیانی هەڵبزرکاندوە
سەری خۆی هەڵگرت لەگەڵ ئەو نیگارکێشانەی ڕۆژی ڕەنگێکیان
بە سزای نەکێشانی نیگاری باڵای سەرۆک لە سێدارە دەدرێت و
ڕۆژی تابلۆیەکیان بە تۆمەتی کوفر ئەتکدەکرێت

(پەمەیی) گریا و ووتی: مامۆستا ناوادە کۆچیکرد
هێشتا ئێوارەی پەلکەزێرینە بوو مامۆستا کۆچیکرد
بەرلەوەی پێمان بڵێت ووریابن ناوچەیەکی (خۆڵەمێشی)
لە نێوان (ڕەش و سپی)دا خەون دەبینێت
بەرلەوەی پێمانبڵێت پشووبەن لەم جەنگ و ئاشوبە و
بە چرپە لەگەڵ ڕەنگ بدوێن
ئاخر ئەگەر جەنگ لێبگەڕێ!
ڕەنگ (تەنها) نیشتیمانی خەونە

(پەمەیی) هێشتا دەگری و دەڵێت
مامۆستا بەر لەوەی فێرمانبکات چۆن ڕەنگە بێنازەکانمان خۆشبوێت!
چوو لەگەڵ ڕەنگەکان بنووێت
تۆ بۆ ئەوەی مامۆستا خەبەر نەکەیتەوە!
دەستی سۆز بە شانوملی تابلۆیەکدا بێنە
کە نیگارکێشێک شک نابات مینەکانی سەر جەستەی هەڵگرێتەوە
(پەمەیی) هێشتا دەگری و لە (ڕەنگێک) دەگەڕێت کە بەر لە مامۆستا
لە تابلۆیەکی مینرێژکراوی ژووری نوستنی (سەرۆک) یاخیبوو!

* بەشێک لە قەسیدەیەک کە وەک (پەمەیی) ڕقی لە کۆتاییەکانە.

2004/04/01
**OXFORD. ENGLAND**